

## شنۆ ئیبراهیم:

# بەهۆی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییەوە ماوەیەکە لەهونەر دابراوم

**دیمانەو فۆتۆ: هەمزە سەرحان**

هونەرمەند خاتو(شنۆ ئیبراهیم حەسەن) لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٨ لەشاری کۆیە دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی موزیك بۆ ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٠لەسەر ئامێری کەمانچە سەرەتای کارەکانی بەگۆرانی بووە لەگەڵ تیپی مۆسیقای باوەجی کۆیەو یەکەم گۆرانیشی بەناوی(هەورێکی هێنا)بوو، ئێستاش مامۆستای(پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کۆیە)یە لەبەشی موزیك.

زنار: خاتو( شنۆ) دەمەوێ سەرەتا بزانم منداڵی تۆ چۆن بوە، لەوکاتەدا کێ هاندەرت بووە.

شنۆ: من لە بنەماڵەیەکی هونەرپەروەر گەورەبووم، من منداڵ بووم کاتێ هونەرمەند (ئیسماعیل شەیدا)ی برام چالاکی زۆری هەبوو لەگەڵ تیپی مۆسیقای باوەجی کۆیە، ئەوکاتە لە مەڵبەندی لاوانی کۆیە خولێکی مۆسیقا کرابۆوە بەسەرپەرشتی مامۆستا(سەردار) هاتووچۆی ئەوێی دەکردوو ئیقاعێکی پێ بوو. هەرلەوکاتەوە خۆشەویستی من بۆ مۆسیقا دەستی پێکرد، بەرەحمەت بێ باوکی خوالێخوشبووم بەهیچ جۆرێ رێگری نەدەکردم بگرە زۆر جار لەبەرچاوی خزمەکانیشم هانی دەدام، پارەی دەدامێ گۆرانی بۆ بڵێم ... بەڵام بەراستی ئەوەت لێ ناشارمەوە کەمنداڵێکی زۆر شەرمن بووم، لەبەرچاوی خزمەکانمان دەیگوت شنۆ زۆر دەنگی خۆشە دەزانێ گۆرانی بڵێ. دایکیشم یادی بەخێر ئەویش دەنگی زۆر خۆش بوو جارجارە دادەنیشت گۆرانی بۆ دەگوتین، کەلای لایەی بۆ دەگوتین دەستمان بەگریان دەکرد.

زنار: ئەمە قۆناغی منداڵیت، ئەی لەسەردەمی لاوێتی دا.. هەرچەندە ئێستاش هەرگەنجی ئەوکات کەسایەتیەکی چۆنت هەبوو ؟!حەزە هونەریەکانت لەوکاتەدا چۆن بوو

شنۆ:لەقۆناغی ناوەندیش زۆر شەرمن بووم لەگەڵ برادەرەکانم دەیانگوت تۆ زۆر کەم دووی زۆر بەکەمی قسەم دەکرد، سەبارەت بەهونەریش لەئامادەیی کۆیەی کچان دەمخوێند لای مامۆستا(گەلاوێژ) لەزۆر بەی چالاکیەکانی قوتابخانە بەشداربووم بەگۆرانی وەك بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییەکان..ئەوکاتەش حەزێکی زۆرم هەبوو بۆ مۆسیقا.

زنار: پەیمانگای هونەرە جوانەکان تاچەند رۆڵی هەیە لەپێگەیاندنی کادری هونەری، لەکاتێکدا لە کوردستان

بەتایبەتیش لەدوای راپەرینەوە چەندین پەیمانگا لەزۆربەی شارو شارۆچکەکان کراونەتەوە .. بوونی ئەم هەموو پەیمانگایە تاچەند کاریگەری هەیە لەپێگەیاندن و ئامادەکردنی کادری هونەری

شنۆ: من وەك شنۆ ئیبراهیم کاریگەری پەیمانگام زۆرلەسەرە لەوێدا بەشێوەیەکی زانستیانە فێری مۆزیك بووم، پێش ئەوەی بچمە پەیمانگا زۆر شت هەبوو نەمدەزانی یا درکم پێنەدەکرد زۆرکەسم لەوێ ناسیوە کەپێشتر نەمناسی بوون ئاشنایەتیم لەگەڵدا پەیداکردن و ئەوانەی لەوێ دەردەچن بێگومان دەبنە کادرێکی ئامادە کراوی باش. چونکە بەباشی فێری مێژووی مۆزیك و دەنگو چینەکانی دەنگو ... هتد دەبن.

زنار:دوای دەرچوونت لەپەیمانگا چۆن بوو لەگەڵ هونەرمەند(لێزان قادر) ژیانی هاوسەریت پێك هێنا؟ بەخۆشەویستی بوو یا نا، تاچەند لێزان وەکو هاوسەر پشتگیریت دەکات

شنۆ: بەڵێ بەخۆشەویستی بوو، هەردووکمان لەتیپی مۆسیقای باوەجی بووین یەکترمان خۆشویستو زۆریش پشتگیریم دەکات پارساڵ لەفێستیڤاڵی پەیمانگا مادەیەکی بۆ ئامادەکردم بەناوی ئاوێتە بوون ئەمەش بەڵگەیە کە ئەو لەپشتمە وە ئێستاش بەڵێنی پێداوم کارێکی ترم بۆئامادەبکات وەبەراستی لێزان کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرەخۆیە زۆربەکەمی توورە دەبێت .ئەوەش ناشارمەوە ئێستا بەهۆی ژیانی هاوسەرییەوە ماوەیەکە لەهەنەر دابراوم

زنار: لەتۆ توڕە دەبێت ؟

شنۆ: وەڵا لەمنیش توورە دەبێت. ژیانی هاوسەری هەرخۆشی نیە تورەبونیش بەهاراتی ژیانە چێژی پێدەبەخشێ، ژیانیش هەرهەمووی خۆشی نیە.

زنار: کێن ئەو ئافرەتە ناودارانەی کۆیە کەخزمەتیان بەهونەرو کولتورو شۆرش کردووە وەك ئاشکرایە ئافرەت شان بەشانی پیاوان خەباتیان کردووە لەشاخ و شار

شنۆ: لەبواری گۆرانی و مۆسیقادا، دیارە مامۆستا باکوری دوای ئەوەی هاتۆتە شاری کۆیەوە تیپی مۆسیقای باواجی دامەزراندووە خوشکەکەی یەکەم ئافرەتی کۆیەبووە گۆرانی گوتووە لەسالانی(٥٠)کانی سەدەی رابردو. دواتریش لەتیپی مۆسیقای کۆیە زۆر کچ هەبوون گۆرانیان گوتووە. بەڵام بەردەوام نەبوون لەدوای ژیانی هاوسەری دابراون لەهونەر، لەشێوەکاریش ئەوەی دیاربێ لەکۆیەمامۆستا پەرژین و مامۆستا سوێلەیە کەسەرۆکی بەشی شێوەکاری پەیمانگایەو پەیوەندیشم لەگەڵیان زۆرباشە، لەبواری شانۆشداکەسی باش هەبووە لەکۆیە لەوانە هونەرمەند (سوبحی کۆیی) خوشکی خۆیی هێناسەر تەختەی شانۆ کەهونەرمەند (شلێر کۆیی) یەو ئێستاش یەکێکە لەئافرەتە هەرە دیارەکانی بواری هونەری شانۆو دراما. خاتوو(هەلاڵە سەمەد) کەدەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانە، ئێستاش چەند کچێك هەیە لەبەشی شانۆی پەیمانگا دوای دەرچوونیان هیوای ئەوەهەیە لەپاشەرۆژدا خزمەت بکەن و ئافرەتی شۆرشگێریشمان هەیە لەوانە ئایشە گوڵ کەشەهید بووە، خوشکە فریشتە خوشکی مامۆستا دلزاری شاعیر.

زنارك بەرای تۆ وەکو هونەرمەندێکی گۆرانی پێوەری گۆرانی سەرکەوتووچی یە، تێکست بەسە بۆئەوەی گۆرانیەکی سەرکەوتو بێت، یادەبێ ئاوازو ئەداش رۆڵیان هەبێ

شنۆ: ئەم سێ بنەمایەیی تۆباست کرد یەك تەواو کەری ئەوەی ترە. زۆر جار رێکەوتووە گۆرانیەك شیعرەکەی خۆشە بەلام ئاوازەکە لەنرخی شیعرەکەی کەم کردۆتەوە یابەپێچەوانەوە، بۆیە تێکستو ئاوازو دەنگ دەبێ تەواوکەری یەکتربن .. پاشان گۆرانیبێژ مەرجە خاوەن کەسایەتیەکی باش بێ پەیوەندی باشی لەگەڵ خەڵك و هونەرمەندان هەبێ لەگەڵ ئەمانەشدا چاکە گۆرانی بێژ شارەزایی لەئامێرێکی مۆزیك هەبێ، گۆرانیبێژیش هەیە خۆی ئاواز بۆخۆی دادەنێ .. ئەمە کارئاسانی دەکات بۆ گۆرانیبێژ.

زنار: شنۆ ئیبراهیم زیاتر گوێ لە گۆرانی چ هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ رادەگرێ

شنۆ: لەپیاوان بەزۆری لە هونەرمەندان ( عەدنان کەریم و زەکەریاو ئەیوب عەلی) لەکچانیش هونەرمەند( کانی و تارارەسوڵ).

زنار: هونەرمەند (لیزان قادر)ی هاوسەرتوو (گەلاّ) خانی کچت چۆن پیناسەیان دەکەیت

نشنۆ: گەلاو لیزان گرنگترین کەسن بۆمن لەژیانیدا من کەبەختەوەرم بەهۆی ئەوانەوەیە. حەزدەکەم زیاتر بژیم بۆئەوەی سۆزو خۆشەویستی خۆمیان پێببەخشم.



# دیاردەی جگەرەکێشانی منداڵان

## منداڵێك: لەداخی لێدانیماڵەوە پەنام بۆ جگەرەکێشان برد

ئا: فەرمان چۆمانیو ڕێباز
شۆڕش سەنگەسەری

جگەرەکێشان ئەو پەتا کۆمەڵایەتیەیە کە بەشێکی زۆر لە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵی گرتۆتەوە لە منداڵ تا مرۆڤی پیرو پەککەوتە گیرۆدەی بوون. دەبوایە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کێشانی جگەرەش بەرەو نەمان چوبایە ئەگەرچی زۆرینەی ئەو مرۆڤانەی کە جگەرە دەکێشن پەشیمانن، بەلام جێگەی داخە تا ئەمرۆش جگەرەکێشان لای مرۆڤ بەردەوامە. جێگای سەرنجو تێروانینە بەشێك لەو مرۆڤانە منداڵی خوار تەمەنی یاساین کە گیرۆدەی جگەرەکێشان بوون، فرۆشیارانی جگەرەش زۆر بێباکانە منداڵان دەکەن بە ئامانجی پەیداکردنی سەرمایەو جگەرەیان پێدەفرۆشن، بۆیە بەپێویستمان زانی چەند منداڵێکی جگەرەکێش بدوێنینو چەند پرسیارێکیان ئاراستە بکەین: بۆ پەنات بۆ جگەرەکێشان بردووە؟ کێ فێری جگەرەکێشانی کردووی؟ پەشیمان نیت لەکێشانی، بۆ؟ ئەگەر پەشیمانی ئەی بۆ تەرکی ناکەی؟ ڕۆژانە چەند جگەرەدەکێشی؟ پارەی کڕینی چۆن پەیدا دەکەی؟ ئەمانیش بەم شێوەیە وەڵامیان داینەوە:-

عەلی محەمەد لەدایك بووی ساڵی ١٩٩٢و لەساڵی ٢٠٠٥ دەستیکردووە بە جگەرەکێشان خۆی گوتەنی لەبەر خەفەتو مەراق پەنای بۆ جگەرەکێشان بردووەو لەڕێگای برادەرکانیەوە فێری بووەو پەشیمان نیە لەکێشانی چونکە وەك خۆی دەڵێت بە کێشانی هەست بە ئاسوودەیی دەکات، ئەو دەڵێت سێ مانگ وازم لێهێنا بەلام نەمتوانی دیسان دەستمپێکردەوەو ئێستا ئەگەر پاکەتم پێنەبێت قونکە جگەرەش هەڵدەگرمەوەو ئەو پارەی بە ئیش پەیدای دەکەم زۆری بۆ جگەرە کڕینە. (غەمبار) منداڵێکی دیکەیەو لەدایك بووی ١٩٩٠ لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستیکردوە بە جگەرەکێشانو دەڵێت"



لەبەر کێشەو مەراق پەنام بۆ جگەرەکێشان بردووە تا ئاسوودە ببم، هاوڕێکانم فێریان کردمو زۆر پەشیمانم بەلام ناتوانم تەرکی بکەم ڕۆژانە زیاترلە(١٠) جگەرەدەکێشم بەزۆر پارە لەماڵەوە وەردەگرم بۆکرینی". دانای تەمەن ١٦ساڵ دەڵێت" ساڵی ٢٠٠٠ لە ئەنجامی چاولێکەریو خوپێوەگرتن فێری جگەرەکێشان بوومو ئێستاش ناتوانم تەرکی بکەمو لەو پارەی لەدوکان پەیدای دەکەم ڕۆژی یەك پاکەت دەکڕمو هەمووی دەکێشم". بەهۆی بێزاریم لەژیان پەنام بۆ جگەرەکێشان بردو لەڕێگای هاوڕێکانمەوە فێری بووم ئەمە قسەی (خدر)ی تەمەن (١٥) ساڵانە کە پێنج ساڵە جگەرەدەکێشێو ئێستاش بەهەمان شێوەی ئەوانی دیکە پەشیمانە بەلام ناتوانێ تەرکی بکاتو پارەی دوکان بۆ کڕینی جگەرە بەکاردەهێنێ. چیرۆکو تەمەنی هەموو ئەومێردمنداڵانەی ئێستاو منداڵی ئەوکات کە فێری جگەرەکێشان بوون لەیەك دەچن(شێخە)ی تەمەن (١٥) ساڵان سێ ساڵە فێری جگەرەکێشان بووە بەلام ئەو لەسەرەتا هەر بۆ هەوەس خۆی گووتەنی هاوڕێکانی فێری جگەرەکێشانیان کردووە. لەبەر مەراقو غەمو لەڕێگای برادەرەکانمەوە فێری جگەرەکێشان بووم(بێوار)ی تەمەن( ١٦) ساڵ زۆر پەشیمانەو زۆریش هەوڵی داوە تەرکی بکات بەلام بێسوود بووە چونکە هەر کە کێشەیەکی بۆ دروست دەبێت پەنا بۆ جگەرەکێشان دەباتەوە. ( پێشڕەو) تەمەنی(١٦) ساڵە بەهۆی ئەوەی لەماڵەوە زۆر لێیدەدەن دوو سێ ساڵە پەنای بۆ جگەرەکێشان بردووە، دەڵێت زۆر پەشیمانم بەلام تەرك کردنی ئاسان نیەو ڕۆژانە پاکەتێك دەکێشم.

ئیدی هەر منداڵێك بدوێنێ ئەگەر بیانووەکانیشیان جیاوازبن بەلام هەرهەموویان گیرۆدەی دەستی دووژمنێك بوون کە ڕەحم بەو جەستە ناسكوگوڵ ئاساییەیان ناکاتو بەدڵنیاییەوە ڕێگای مەرگو مردنیان بۆ کورت دەکاتەوە ئەگەر زوو خۆیان لەداوی ئەو دووژمنە سەرسەختەی جەستەو باخەڵیان رزگارنەکەن. مام (م........) کە خاوەنی دووکانی جگەرە فرۆشتنەو بە پێی قسەی ئەو منداڵانە دوکانەکەی بۆتە حەشارگەی ئەو منداڵانەی جگەرەکێشن ئەویش لە پێناوی دەستکەوتنی پارەو دوور لە هەموو هەستێکی مرۆییانە جگەرەیان پێدەفرۆشێت بەم شێوەیە بۆمان دوا" ئەو منداڵانەی لای من جگەرە دەکڕن زۆربەیان لە تەمەنی(٧بۆ١٥) ساڵیدانو هەندێکیان بەتاك تاك جگەرە دەکڕنو پێشیان دەڵێم جگەرە زیانی هەیە بەلام بەقسەم ناکەن ئەگەر منیش پێیان نەفرۆشم خەڵکی دیکە هەر پێیان دەفرۆشنن بۆیە بۆ بژێوی ژیانی خۆم ناچارم پێیان دەفرۆشمو شەووڕۆژ زیاتر لە٢٥ منداڵ جگەرەم لێدەکڕن". مامۆستا(محەمەد خدر) توێژەری کۆمەلایەتیو مامۆستا لە دواناوەندی سەنگەسەر لەمەڕ ئەو دیاردەیە بۆمان هاتە



ئاخاوتن و گووتی" دیارده بە رەفتارێك دەڵێن کەکۆمەڵێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا پەیڕەوی دەکەن، واتە ژمارەیەکی زۆر پەیڕەوی بکەن بەشێوەیەکی دیار بکەوێتە بەرچاو جا ئەم دیاردەیە کێشانی جگەرە بێت یا خواردنەوەی مەی یاخود قومارکردن یا هەر رەفتارێکی دی کە کۆمەڵێك پێی هەڵدەستن. دیاردەی جگەرەکێشان لای تازە پێگەیشتوان کۆمەڵێك هۆکاری لەپاڵە لەوانەیە یەکێك لە هۆکارەکان خانەوادەیی بێت کاتێك دایك و باوك یان یەکێك لە ئەندامانی ماڵەوە جگەرە دەکێشێ منداڵیش حەزی لەلاسایی کردنەوەی رەفتاری گەورەکانە یان ئەندامانی ماڵ(جگەرەکێشەکان)منداڵ دەنێرن بۆ کڕینی جگەرە کە ئەمەش هاندەرێك دەبێت بۆ فێربوون و تەنانەت زۆر جار بەدزییەوە پاشماوەی جگەرە فڕێدراوەکە دەست دەدەنێ و دەیکێشن.. هۆکاری چاولێکەری بەهۆی برادەرەکانیان فێری جگەرە خواردن دەبن و هۆکاری راگەیاندن و پروپاگەندەکردن بۆ جۆری جگەرەی باش و نایاب لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هەروەها شەریکەکانی بەرهەمهێنی جگەرە هەڵدەستن بە رازاندنەوەی پاکەت و چەرخ و چەند جۆرێك لەزەرف و جل و بەرگ لە شکڵ و شێوەی سەرنج راکێشدا لەوانەیە زۆرێك لە جگەرەکێشان پەیرەوکردنی ئەم دیاردەی بگەڕێننەوە بۆ هۆکاری دەروونی یا کێشەیەك کە تایبەتە بە خودی تاکەوە، بۆ نمونە ئەگەر بپرسین لەیەکێك بۆ جگەرە دەکێشی یا بۆ تەرکی ناکەی؟ لەوانەیە بڵێ غەمم هەیە، کێشەم هەیە، پێیراهاتووم، هەر جگەرەیە بۆم دەسووتێ. بەڵام لە راستیدا ئەمانە تەنها پاکانەی دەرونین و هیچ بنچینەیەکی واقیعی و زانستی نیە بەڵکو ئەوەی رۆڵی سەرەکی هەیە هۆکارە کاتێکەرەکانی دیکەن کە باسکران. ئایا تەنها ئەگەر غەم و خەفەت و کێشە فاکتەرنەبن بۆ شیرینکردنی جگەرەلای کێشەر ئەی چی وای لێدەکات ئەوەندە هۆگر بێ پێیەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێم بۆنی خودی ئەو ماددانەیە کە لەجگەرەدان وادەکات کە ئەوەندە شیرین بێت لای کێشەر کە ئەوانیش ماددەی نیکۆتین و قەترانە کە لەگەل خوێنی کێشەر تێکەڵ دەبن و بەردەوام مێشك داوای دەکات هەر ئەمەش وادەکات تەرککردنی زەحمەت بێت و ئیرادەیەکی بەهێزی دەوێت بۆ وازلێهێنانی".

ئایا دەبێت خەمی منداڵێك چی بێت وای لێبکات پەنا بۆ جگەرە ببات؟ کێ بەرپرسە لەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیەکە ئەو منداڵە پاك و بێگەردە بۆ چارەسەرکردنی پەنا بۆ جگەرە دەبات؟ ئەرکی کۆمەڵگاو حکومەت و رێکخراوە مەدەنیەکانی کۆمەڵگەنیە کار بۆ بنەبڕکردنی جگەرەکێشان بکەنەوە لەناو منداڵاندا؟ ئەم دیاردە ترسناکە پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی خێراو بەپەلە هەیە.



## رسکان

# تاکەی وا بزانین کۆمیدیا بریتیە لە زاراوەی لادێنیشنەکان

سدیق عەلی

زوربەی ئەکتەرەکانی لەمەڕ خۆمان، جوان ئەدای رۆڵەکانیان دەکەن، ووردیشن، لەوەی لەرێگەی هەندێك قسەی خۆش و لادێیەوە سەرنجی هەموان، بۆ کەمو کورتی و کێشە کۆمەڵایەتیەکان رابکێشن، زۆربەمان سەیری دیمەن و کاریکاتێرە تەلەفزیۆنیەکان دەکەین، پێ دەکەنین و دەستخۆشی دەنێرین، رەنگە بەو کەموکورتیانەش دابێینەوە کە ئەو دیمەنانە پەنجەیان بۆ رادەکێشن، بەڵام لەو سەرەوە ئێمەو شانۆو دراماو کاریکاتێرەکان مەحکومین بە گۆڕانکاری، ئەوە ماوەی ٢٠ ساڵە لەبیرم دێ و رەنگە خەڵکی دی زیاتریش لەبیریان بێت، کە کۆمیدیا لە ناوچەکەی ئێمەدا بریتیە لە بەکارهێنانی زاراوەی لادێ، بەداخەوە رۆژ بەرۆژو لەگەڵ زیادبوونی هونەرمەندی تازە، رۆڵی سەرەکی بۆ ئەو کەسەیە بتوانێ باش ئەدای ئەو زاراوانە بکات.

لەدونیای کۆمیدیادا پێشکەوتن بەجۆرێك هاتۆتە کایەوە، کە خەریکە فریای بیر لێ کردنەوەی نەکەوین، تەنانەت هەر لەناو شارەکانی کوردستان، گۆڕانکاری باش کراوەو شێوازی تازە دۆزراوەتەوەو پەیڕەوی لێ دەکرێت، کەچی لەناوچەکەی ئێمە هەر هەمان شێوازەو بگرە پەرەی پێ دەدرێت، لەجیاتی بیرکردنەوە لەگۆڕینی. بەکارهێنانی ئەو زاراوانە، پێشتر لە هونەرمەندی کوردستانی رۆژهەڵات(محەمەد مهابادی)بینیم و دواتریش چەند هونەرمەندێکی ناوچەکەی خۆمان بەکاریان هێنایەوەو تیایدا سەرکەوتوو بوون، لەوانەی بینیومن هونەرمەندی ئازیز کاك عەلی ناسراو بە (عەلی ئاغا)و چەندانی دیکە، ئەوەی راستیەکی حاشا هەڵنەگرە تا کۆتایی نەوەدەکان، ئاسایی بوو ئەو شێوازە بمێنێتەوە، بەڵام ئێستا هیچ پاساوێك نیە بۆ هێشتنەوەی و پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، سیناریست و نووسەرو دەرهێنەرە بەرێزەکان ئەگەر حەزیان لە پێشکەوتن و پەروەردەکردنی بینەر هەیە، ئەمە راستیەکەیەو خولیای ئێمەش پێشکەوتنی هەموو لایەکە.

# پێناسەیەك بۆ فەلسەفەی بونگەرایی



**ن: تاریق حسێن**

ئەو ڕێبازە فەلسەفیە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە بەڵام ڕاستەوخۆ وەکو میتۆدێکی سەربەخۆو خۆڕاگەیەن لە مێژوی کۆنی فەلسەفەدا نابینرێ، چونکە ئەوکاتە فەلسەفە فۆرمێکی گشتگیری هەبوو، بەدایکی زانستەکان ناودەبرا لەگەڵ تێپەڕاندنی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا بەرەبەرە ئەو جەمسەرگیریەی لەدەستداو دابەش بوو بەسەرکایەو بوارە جیاجیاکانی ژیانداو هەر بوارێك فۆرمێك و پسپۆڕیەتێك و پێناسەیەکی تایبەت بەخۆی وەرگرت. داتوانین بڵێین بوونگەرایی ڕێبازێکی فەلسەفیەو پێکهاتووە لە دوو مەزهەبی سەرەکی:-

١-فەلسەفەی بوونگەرایی ئاینی: پەیڕەوانی ئەو ڕێبازە بڕوایان وایە ئیرادەیەکی دیکە لەدەرەوەی خودی مرۆڤدا هەیە، لەوباوەڕەدان کۆمەڵێك شت هەیە مرۆڤ ناتوانێت تێیان بگاتو بڕوایان بەسروشتیەکی ئاایینی مەسیحیو میتافیزیکیا هەیە، هەموو ئەو مەسەلانەی ژیان باشتر دەکەن دەبێ حەقیقەت بن ئەوانەشی دەبنە هۆی گوناحو بەدبەختی درۆن، مرۆڤ لەهەڵبژاردنی(بوون)یدا ئازادە، بەڵام لە ئەنجامدانی هەرکارێکیدا بەرپرسیارە، ئەو مەزهەبە زۆر بایەخ بە چەمکەکانی(پەشۆکان، گوناهو ئاگایی) دەداتو پشتیوانی ڕۆمانسیەکانی ئەڵمانیای دەکردو دژی عەقڵگەرایی چەرخی ڕۆشنگەری بوو، ئەو قۆناغەی(ئیمانویل کانت)ی فەیلەسوف تێیدا دەژیا بەلانکەی سەرهەڵدانی فەلسەفەی بوونگەرایی دادەنرێ، زۆر ئاشکرایی(کانت) ڕەخنە لە تێڕوانینە فەلسەفیەکەی(دیکارت) دەگرێتو دەیگووت" دەبوونی بوون پێش ماهیەت بوونی هەبێت" نەوەك بیرکردنەوە لەپێش بوونەوە وجودی هەبێ، بایەخدانی ئەو فەلسەفەیە لەودایە هەمیش"بوونی شتەکان دەسەپێنێ بەسەر ماهیەتیانەوە" نرخاندنیو شکۆدارکردنی تاك لەسەر حیسابی کۆمەڵگە چوونکە پێیان وایە لە بوونی مرۆییەوە دەتوانرێ دەرك بە شتەکان بکرێ. کەسایەتی ڕابەڕو دامەزرێنەری فەلسەفەی(بوونگەرایی ئاینی) سۆرین کیرکەگور لەساڵی﴿١٨١٣-١٨٥٥﴾ لە کتێبی(دووبارە)دا کۆمەڵێك پرسیار دەووروژێنێ وەکو﴿ ژیانم بەبێ بەست گەشتووە، لەبوون بێزارم، بوون بێ لەزەتو بێ مانایە من لەکوێم؟ چۆن هاتمە ئێرە؟ ئەم شتەی کەناوی دنیایە چیە؟ دنیا چ مانا دەبەخشێ؟ بۆچی لەم بارەیەوە پرسیان پێنەکردم؟.........﴾ هەرچەندە بەبێ وەڵام مایەوە بەڵام هەر دەستبەرداری ئاین نەبوو، زۆر بەگەرمی ڕەخنەی لە کەنیسەی لۆسەری دەوڵەتی دانیمارکی دەگرتو دژی بەعەقڵانی کردنی ئاینی مەسیحی بوو، لەسەر بنەمای هیگلی پێیوابوو هیگل مرۆڤی نوقمی ڕەهایی کردووەو لایەنی ڕوحی فەرامۆش کردوە، هەروەها کیرکەگۆر لە کتێبی(یان ئەم یان ئەو)دا دەڵێت تۆ دەبێ یا بەهەشت یان جەهەننەم هەڵبژێری، ناکرێ هەردوولا هەڵبژێریو بانگۆی مرۆڤی مەسیحی هاوچەرخی دەکردو داوای ئەوەی لێدەکرد بە تەنهاییو بەپەنهانی خواپەرستی بکەن چونکە بەکۆمەڵو لەناو کەنیسەکاندا عیبادەت دروست نیە. بەڵی هەر لەدوای تێپەڕینی چوار ساڵ بەسەر کۆچی(سۆرین کیرکەگور)دا بوونگەرایی ئاینی بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو چونکە لەساڵی ١٨٥٩دا داروین هەڵبژاردنی سروشتی کرد بە ئەلتەرناتیفی ئیرادەی خوداوەند لە سروشتداو دواتر لەساڵی١٨٨٩داو دواتر لەساڵی ١٨٨٩دا نیچە لە کتێبی( زەردەشت وای گووت)دا مەرگی خوداوەندی ڕاگەیاند تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیست مەزهەبی بوونگەرایی ئیلحادی جێگای مەزهەبی بوونگەرایی ئاینی دەگرێتەوە.

٢-فەلسەفەی بوونگەرایی بێباوەڕی (ئیلحادی): ئەو مەزهەبە فەلسەفیە ئامانجی ڕزگارکردنی مرۆڤە لەو کۆتو بەندە ئاینیو بیرکردنەوە هەرمەکیو خوراف و میتافیزیکیانەی کە عەقڵو ئیرادەی مرۆڤیان زەوتکردوە وەکو تەوژمێکی فیکری سەربەخۆ توانی ڕەنگدانەوەیەکی باشی جیهانی هەبێ، بنەمای سەرهەڵدانی بریتی بوو لە(ئازادی مرۆڤ)و کات لە بۆچوونی وجودیەکاندا مانایی(گۆڕانو پەرەسەندنی ئاگامەندیە) واتا کە لەکەبوونی ئەزموونی ئاگامەندی مرۆڤەکانە، پەیرەوانی فەلسەفەی بێباوەڕی مرۆڤ بەبەرپرسیاری هەموو (چاکەو خراپە)کردن دەخەنە ملی شەیتانەوە یان فرۆید گووتەنی﴿لاشعور﴾ بوون دەکەنە بەدیلێك بۆ خراپەکردن، بوونگەراکان کۆمەڵێك هەوڵی پێش مەرجیان هەیەو بڕوایان وایە دەبێ لەسەرەتاوە(بوونێك، جیهانێك، ئاگایی، یاخیبوون، سەربەستی، داهێنان) هەبێ هەروەها دروشمەکانیان بریتین لە ﴿ یاخیبوون، سەربەستی، داهێنان، داهاتوو) هایدگەرو سارتەر لەو باوەڕەدان هیچ ئیرادەیەك لەسەرووی مرۆڤەوەوجودی نیەو بەڵکو دەبێ لەڕێگەی ئەزموونو هۆشمەندیەوە مرۆڤ ببێتە سوپەرمانەکەی نیچەو داهاتووی خۆی بەویستی خۆی دیاری بکات لەو باوەڕەدان کاتێك مرۆڤ لەویستو هۆشیاریەوە توانی(خود)ی خۆی بدۆزێتەوە ئەوە مانای وایە(خود) جێگای (خودا) دەگرێتەوە وەك پڕۆتاگوارس دەڵێت ﴿ مرۆڤ خۆی پێوەری هەموو شتەکانە لە ژیانیدا﴾ واتا بوونی لە پێش هەموو شتێکەوەیەو لە لە ئەزموونو لە ئاگامەندیەکانی خۆیەوە دەتوانێت پێوەرە ئەخلاقیو یاساییەکانی ژیانی دارێژێ. ئەرستۆ بەو ئیرادەیەی کە لەناوەوەی مرۆڤدایە دەگووت(خودا) بوونگەرایی بێباوەڕی پێیان وایە هەموو ئەو بەهاو پێوەرانەی کەبەسەر ئادەمیزاددا دەسەپێنرێت دواجار دەبنە هێزێك بۆ تێکشکاندنی ناوەوەی ویستی مرۆڤو ملکەچی پێکردنی بۆ چەوساندنەوەو دەسەڵاتو میتافیزیکیاو دۆگمابوون. ئەوان لەڕەتکردنەوەو یاخیبونیان بەرامبەر هەموو ئەو بەهاو نەریتە سەپێنراوانەدا ئامانجیان هەیەو ئەو کاریان مانای نا ئەخلاقیان ناگەیەنی، بەڵکو بڕوایان وایە لەپشتی هەموو یاخیبوونێکەوە سەرلەنوێ ڕەوشتێك بەرهەم دەهێنن کە هەڵقوڵاوی ویستو ئیرادەی خۆیانە، هەروەك نیچە دەڵێت﴿ ئەخلاق ڕێژەییە، حوکمە ئەخلاقیەکانیش حەقیقەتی ڕەهانین، بۆ هەمو ئانو زەمانێك دەست نادەن﴾ هەرچەندە نیچە وەك بوونگەرایەکی

ئیلحادی تادوای مردنی ئەو رۆڵو کاریگەرە
بەرچاوەی نەبوو تەنانەت بەرهەمەکانیشی
نەدەفرۆشـان بـەڵام هـەر لـە پـاش
کۆچـکردنیەوە دەرکـەوت یەکێکـە
لەوبلیمەتانـەی کـە زۆر بـە توندی
بەرپەرچی بیرکردنـەوەی ئاینی
مەسـیحیو نەریتـی
هەرەمەکیو بیرکردنەوەی
فەیلەسوفانو کولتووری
کۆنـی یۆنـانیو دژی
هـەموو ئـەو کـۆتو
بەندانـەبوو کـە ئـیرادەی
تاکیان تێك شکاندووەو
مرۆڤیان بـە ئالی کـردووە،
پاشـان نابـێ کاریگـەری
فەلـسەفەی(دەرکەوتـەکان)ی
ئەدمۆنـد هۆسـرەل لـە
بیربکەین کەیەکێك بـوو لە
مامۆسـتا بەناوبانگەکانـی
(هایدگەر) مارتن هایدگەریش
وەکـو
بوونخوازێکـی
ئیلحادی بـڕوای
وابـوو
(ناوەرۆکـی
مـرۆڤ لەگـەل
بونیادایـە)
لەدیارتریـن
نووسـراوەکانی
(بوونوکات)ـە بـەم
شـێوەیە دەتوانـین
بڵێین دامەزرێنـەرو رابـەری
فەلـسەفەی (بوونگەرایـی
بێبـاوەڕی) لـە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی

بیستەمدا دەگەڕێتەوە بۆ(ژان پۆل سارتەر)
سـاڵی ١٩٠٥- ١٩٨٠ ئـەو
کەسـایەتیەی
خاوەنی چەندین
نوسـراوە روشاکارترینیان

(بوونو نەبوون)ـە سارتەرلەو بڕوایەدابوو
بوونـی مـرۆڤ پرۆژەیەکـە لـەپێناوی
دیاریکردنی ماهیەتدا، مرۆڤ بەر لەهەموو
شتێك حەقیقەتێکی بڕوا پێکراوەو خۆی
دەبێ خـودی خـۆی دەستنیشان بکاتو
بگەڕێ بەدوای دیووە شاراوەکانی بوونیدا،
بڕوای وایە مێژوو هیچ شتێك نیە جگە
لە ململانـێ کـردن لـە پێنـاوی ئازادیدا،
هـەموو بوونێـك لـە کەونـدا شـتێکی
ماددیەو هەموو شتێك لـە جیهانی
مرۆڤدا شتێکی مرۆییە، سارتەر
لـە کتێبی( رەخنـە لـە عەقڵی
دیالـەکتیکی)دا دەڵێـت
❁ بوونگـەرایی فەلـسەفەیەکی
کۆمەڵایـەتیو سیاسیەو پەیوەندی
بوونی مـرۆڤ شیدەکاتەوە بە هـەموو
ئـەو بابەتانـەی کـە لـە سروشـتو
کۆمـەڵگاو نەتـەوەو مێژوودایـە❁
پـەیڕەوانی ئـەو مەزهەبـە زۆر
بەئاشکرایی دژایەتیکردنیان بەڕووی
ئاسمانـدا دەبینـرێو نکۆڵـی لەبوونی
(خودا) دەکەن، بە تایبەتی لەو مەزهەبەدا
ئیرادە ئـازادە بـە هـەموو ماناکانی ئـازادی
بـەڵام نکۆڵیکردنـی ئیلحادیـەکان لەبوونی
(خـودا) لـەوە ناچـێ دەرهاویـشتەیەکی
عـەقڵانی بێـت، چـونکە بەڵگەیەکـی
پۆزەتیڤیـان تـا نـەبوونی خوا بسەلمێنێت،
بوونگـەرایی بێبـاوەڕی تەقینەوەیەکـی
عاتیفیە چونکە بە هیچ شتێکەوە پابەند
نابن کە ئازادی سنووردار بکات، لای ئەوان
ئازادی بەش بەش ناکرێ.

سوود لەم سەرچاوانەو وەرگیراوە:-
⋆ئەنتۆلۆژیای بوونو بنەڕەتی مرۆڤ
⋆ئایندە ژمارە ٧١ لا ٤٣-٤٤
⋆ئایدیا ژمارە ١٠ لا ١٥-١٨
سارتەر رابەری فەلسەفەی بوونگەرایی
سەردەم ژمارە ٤٧-٤٨لا٢٢٠-٢٢١
⋆نیچە

# پرسەو سەرەخۆشی..

لەکاتێکدا لـەگۆڤاری زنار خەریکی دارشـتنەوەی ئـەو چاوپێکەوتنە فـرە تـەوەرو رەهەنـدە بـووین کـە لەگـەڵ مامۆسـتای پایەبـەرزو مێژووناسـی گەلەکـەمان مامۆسـتا(سـەلام حەیـدەری) سازماندابوو، بەداخـەوە هـەواڵی کۆچـی دوایـی مامۆسـتای خواڵێخۆشـبوومان پێگەیـشت، بۆیە بـەناوی سـتافی گۆڤاری زنار پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەو کەسو کاری مامۆستاو خۆمانو خوێنەرانی ئازیز دەکەینو لەخوای مەزن داواکارین بەبەهەشتی بەرینی شاد بکاتو سەبوری کەسو کاریشی بدات. هەر بـەم بۆنەیـەوە خوێنـەرانی زنـار ئاگـادار دەکەینـەوە کـە لـە ژمـارەی ئایندەی گۆڤارەکـەمان چاوەڕوانی بلاوکردنـەوەی ئـەو دیـدارە بکـەن کـە مامۆسـتای خواڵێخۆشـبوو تیایدا چـەندین راستی مێـژوویی و هەڵوێستی لەمـەر چـەندین پرسی گرنگی تایبەت بـە ژیانی خۆیی و کوردستانو عێراق ئاشکرا کردووە.

انا لله وانا الیه راجعون

# جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت یان جیاکردنەوەی دەوڵەت لەئاین؟




**عەمەر ئەمین عەلی**
omer_raniya@yahoo.com


**کەسێك کەشارەزاییەکی تەواوی** لەئاینەکاندا نەبێت وا هەستدەکات کەئاین تەنهاخواپەرستیە، خواپەرستی بەشێکە لەئاین، کەلەسەر بناغەی باوەڕ دامەزراوە، ئاینەکە دەستورەکەیە، یاسا بنەڕەتیەکانیش لەودەستورەوە وەرگیراون، کەدەستورێکی فیدراڵی یەکگرتووە، هەرێمەکانی سەربەخۆن لەبواری بەڕێوەبردندا، سەربە مەرکەزن لەبواری پابەندبوون بەبڕگە بنەڕەتیەکانی دەستورەکەدا. بەندەکانی ئەم یاسایانە لەنێوان خۆیاندا هاوبەندن، واتە پەیوەندیدارن لەگەڵ یەکتری بۆنمونە: لەیاسای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتدا هەموو تاکێکی کۆمەڵگا مافی خۆیەتی بەڕێزەوە ڕاستەوخۆو ڕووبەڕوو بەبێ ترس ڕەخنە لەدەسەڵاتدارانی دەوڵەت بگرن بەپێی بڕگە یاساییەکان، جا کاتێك کە تاکەکانی کۆمەڵ ئەو مافەیان لێ زەوت بکرێتو بۆشیان نەبێت سەرۆکی دەسەڵاتی دەوڵەت ببینن، کەواتە ئەڵقەیەك لەبڕگە یاساییەکان پچرا کەسەرئەنجامەکەی دەبێتەهۆی بێئاگایی سەرۆکایەتی لەکاروباری کۆمەڵگاکە. یان لەیاساکانی مافی تاکەکانی کۆمەڵدا هەموو تاکەکان بەیەکچاو سەیر دەکرێن لەسەر بنەمای باوەڕ، جاکاتێك کەدەسەڵاتی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ تاکەکاندا لەسەر بنەمای ڕەنگو زمانونەتەوەبێت کەواتە لێرەشدا ئەلقەیەکی دیکە پچرا کەدەبێتە هۆی لەبەریەك ترازانی دەوڵەتەکە. کۆبونەوەی ڕۆژی هەینی بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی حەفتەی ڕابردووە، جا ئەگەر لەکۆبوونەوەیەکدا کێشەکانی حەفتەی ڕابردوو چارەسەرنەکران ئەوا بەدڵنیاییەوە لەماوەی چەند مانگێکدا کێشەکان کەڵەکە دەبنو بەئەنجامی بەپارێزگا بوونەکەی ڕانیە دەگەن. یاساکانی حەج جگە لەبڕگەکانی خواپەرستی، یاسای سنوردارکراوی سەرۆکی هەرێمەکانن کە لەم کۆبوونەوە ساڵانەدا خەڵکەکە ڕاستەوخۆ سەرکۆماری ئیسلام دەبیننوکەموکوڕی هەرێمەکانیانی پێڕادەگەیەنن بۆچارەسەری کێشەکان. لەیاساکانی ژنو مێردایەتیدا، بڕەماڵی دیاریکراوی مارەیی مافی ئافرەتەکەیە بەسەر پیاوەکەوە ئەگەر نەیدرێتێ واتە پیاوەکە دەستدرێژی کردۆتە سەرمافی ئافرەتەکەو قەرزاری دەبێت پاش مردنیش، لەیاسای بەخێوکردنی کۆرپەکاندا دایکێك کەمنداڵەکەی خۆی شیردەدات، پێویستی سەرشانی باوکی ئەومنداڵەیە حەقی ئەوشیرپێدانە بدات بەهاوسەرەکەی، وەشیرپێدانەکە ماوەی دووساڵ بەردەوام دەبێت، وەنابێت لەشیری ئادەمیزاد زیاتر شیری تری بدرێتێ چونکە شیرپێدان قۆناغی دووەمی گەشەی جەستەیە ئەوەی شیری ئادەمی بدرێتێ دەبێت بەئادەمیزادو ئەوەش کەشیری ئاژەڵی بدرێتێ گەشە دووەمیەکەی ئاژەڵانە دەبێت. ئەوئافرەتەی کەجلوبەرگ بۆمێردەکەی دەشوات مافی تەواوی خۆیەتی کەحەقی تەواوی ئەم هیلاکیە لەمێردەکەی وەربگرێت، لەیاساکانی ژن خوازیدا پیاوێك بۆی هەیە چوار ژن بێنێت، بەمەرجێك دادوەربێت لەنێوانیاندا، جاکەزانی ناتوانێت دادوەری بکات، ئەوا ئەومافەی لێوەردەگیرێتەوە، لەیاساکانی سزاداندا کەسێك کەسێکی بێتاوان بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە بەهەمان شێوە. لەیاساکانی پاراستنی ژینگە: کەسێك بۆینیە دارێك ببڕێت یان پیساییەك بکاتە ئاوێکی پاکەوە، لەیاسای باجداندا هەموو خاوەن ماڵو سامانەکان دەبێت ساڵانە ٢,٥٪ لەسەدا دوونیوی سامانەکانیان بدەن بەهەژارو کەم دەرامەتەکان، لەیاساکانی سزادانی دزی کردندا تەنها بڕینی دەستەکەنیە وەکو زۆر لەوانەی کەئاگاداری ناوەڕۆکی یاسایەکەنین تەنها لۆمەی دەست بڕینەکە دەکەن، چەندین باسی وەکو ئەندازەی ماڵەدزراوەکەو باری ژیانی ئەوکەسەی کەدزیەکەی کردووەو خۆبەدەستەوەدانی دزکەرەکە پێش ئەوەی ئاشکرابێت، ئەمانە هەموو کاریگەریان هەیە لەسەر جێبەجێکردنی یاساکە، هەروەها لەیاساکانی سزادانی داوێن پیسەکاندا ووردەکاری زۆری تێدایە بۆنمونە کەس ناتوانێت تۆمەتی داوین پیسی بدات بەسەر نێرینەو مێینەیەکدا هەتا چوار شاهید ئامادەنەکات کەسوێندبخۆن کردەوەکەیان بەچاوی خۆیان بینیوە، ئەوساش سزاکان بەپێی باری کەسەکان دەگۆڕێن، لەبڕگە یاساییەکانی مافی مرۆڤدا هەموو ئەوانەی کە لەدەرەوەی ئاینی ئیسلامن بۆیان هەیە لەسێبەری ئاینی ئیسلامدا بژیەنو ماڵو سامانو شەرەفیان پارێزراوبێتو بەشداری جەنگەکانیش نەکەن بەرامبەر بەوە ساڵانە بڕەپارەیك بدەن بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانیان بۆپارێزگاری کردنی وڵات. لەیاساکانی خواردندا گۆشتی بەراز قەدەغەکراوە لەبەر زۆر هۆی زانستیو دەروونی، لەیاساکاندا ئافرەت پیرۆزیەکی تایبەتی هەیە ئەرکێکی قورسی لەسەرشانە، قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردەکردنی نەوە لەدوای نەوە، ئافرت تەنها بۆلەزەت وەرگرتن دروست نەکراوە، ئەو لەزەتەش کە لەگەڵیدایە بۆڕاکێشانی نێرینەیە بۆمەبەستێك کەبەردەوامی ژیانی مرۆڤایەتیە، جا بۆیە لەیاساکەدا لەچکی بۆ داندراوە بۆئەوەی تاڵەکانی پرچی نەبنە هۆی وروژاندنی هێزە شەڕخوازەکانی دەروونی خەڵکانێك جگە لەهاوسەرەکەی خۆی کەدەیانەوێت بۆساتێك ڕیسوای بکەن، زۆر نهێنی دی کە لەم باسە کورتەدا ناتوانین ڕوونیان بکەینەوە. لەیاساکانی بەدواداچوونەوەدا لێپرسینەوە لەگەڵ

ئەو کەسانەدا دەکرێت کە لەپڕ دەبن بەخاوەن سامان و سەروەت، بۆئەوەی بزانرێت ئەو ماڵ و سامانەی لەکوێ هێناوە، ئایا ماڵی کەسێکە دزیویەتی؟ یان ماڵی میللەتەو دزیویەتی؟ یان میراتێکە بۆی ماوەتەوە؟ یان لەبری خیانەت و خۆفرۆشیەك وەریگرتووە کە ئاساییشی نەتەوە بخاتە مەترسیەوە؟ هەموو یاساکان بەئاشکرایی لەناوئاینەکەدا هەن، کەواتە ئاین بۆخۆی دەوڵەتە، بەڵام هۆی چیە کە جێبەجێ ناکرێت؟ لەلایەکەوە کەسانی لێهاتوی وەهاین کەهەموو یاساکان ووردەکارانە جێبەجێ بکەن بەشێوەیەك خۆشیان وەکو تاکێکی کۆمەڵ تەماشابکەن، لەشۆڕشی ئەیلولدا بارزانی دەڵێت: (ئاواتی من دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیە بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی ئیسلام)، هەربۆیەش بەپێی یاسای تۆڵەی بەرامبەر، بەخۆی و بەهێزێکەوە ڕویکردە ناوچەی پشدەر بۆوەرگرتنەوەی تۆڵەی لاقی شکێنراوی جوتیارێك لەلایەن ئاغاکەیەوە، یان گوللەبارانکردنی ئەو باوکەی کارێکی داوێن پیسی لەگەڵ زڕکچەکەی خۆیدا کردبوو، یان قەرەبوکردنی ئەوبازرگانە بە (١٨) دینار کە لەدوکانەکەیدا خورماکەی لێستێندرابوو لەلایەن پێشمەرگەکانەوە، دەرکردنی بڕیارێکی توندوتیژ دەربارەی سزادانی هەموو ئەوانەی مافی خەڵکی داگیردەکەن، هەربۆیەش بوو هەموو میللەت لەدەوری سەرکردایەتیەکەی کۆببوەوە، هەر بۆیە ڕۆژئاواییەکان بەپیلانێك شۆڕشەکەیان لەناوبرد، شێخی نەمر ڕازی نەبوو ببێت بەمەلیکێك کەنۆکەری بەریتانیا بێت، هەربۆیەش شۆڕشەکەی لەناوبرا، شۆڕشەکەی عومەر موختارو قوتدانی دەوڵەتە ئیسلامیەکانی ئاسیای ناوەڕاست و کێشەکانی ئەفغانستان و شیشان و فەلەستین و لوبنان و سۆدان هەموویان بۆ داماڵینی ئیسلامن، ئەمە ڕاستیەکی مێژووییە کە وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانیا لە دێرین زەمانەوە هەوڵی بۆ دەدات، لەلایەکی دیکەشەوە دوژمنان بەشێوازو هێزی جۆراوجۆرەوە لەمەیدانەکەدان و زۆرینەیەکی زۆریش لەوخەڵکەی کەپابەندی خۆیان بەئاینەکەوە دەردەبڕن یارمەتیدەرن بۆئەوان، هەرنەبێت دووركەوتنەوەیان لەئاین بەئاشکرا بەدی دەکرێت، جاران هەموو ئاخافتنەکانیان بەناوی خوا دەستی پێدەکرد، ئێستاش دەنگو ڕەنگو ڕادیۆکان لەبیریان چۆتەوە کەسەرەتای بەرنامەکانیان بەچەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستپێدەکرد، جاری قۆناغەکە نەگەیشتۆتە ئەوەی ڕۆژئاواییەکان لەسەر ئەم هەڵوێستانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن، دەزگا ڕۆشنبیری و چاپەمەنیەکانیش لەوە تۆقیون کتابێك بەچاپ بگەیەنن کەچەند ئایەتێکی قورئانی تێدابێت، ئەگەر کەسێکی چەپیش بیت بەزمانی قورئان بدوێیت بەئیرهابیت دادەنێن.

لەسەردەمی ئەم بەجیهان بوونەشدا کەبەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەهێزی بارەئابوریەکان دەبەستێت و بەرژەوەندی وولاتە زلهێزەکان لەپێشەوەی بەرژەوەندی هاوولاتیەکانەوەیە، لەناو کۆمەڵگاشدا خاوەنی ژمارە گەورەکان بەرزترین پایەکانی دەسەڵات دەگرنەدەست، کەواتە بەتەواوی لایەنە گیانیەکان بزردەبن، هەروەها نیشتیمان پەروەری ڕۆڵی نامێنێت، دەستپاکی بزردەبێت، بەرژەوەندیە تایبەتیەکان زاڵدەبن بەسەر بەرژەوەندیە گشتیەکاندا، بەزەیی نامێنێت، مرۆڤ وەکو ئامێرێك مامەڵەی لەگەڵدادەکرێت، ئەگەر بەرهەمی نەبێت بەتەواوی پشتگوێ دەخرێت،



سسکرتێرەی جوان لەوەزیرەکەی زیاتر دەستی دەڕوات، دیاری کردنی پەرلەمان و دەوڵەت لەسەربنەمای هێزە ئابووریەکان دەبێت، واتە میللەت تەنها خاوەنی ناوی پەرلەمان و دەوڵەتەکەی دەبێت نەك ناوەڕۆکەکەی، سامان وسەروەتی میللەت لەلای چەند کەسانێك دەگیرسێتەوەو بەشە زۆرینەکەی تری میللەتیش لەبارێکی سەختی ژیاندا دەبێت، کەبەشەوو ڕۆژ لەململانێدا دەبن لەگەڵ سەختیەکانی ژیان. بارە بازرگانیەکان لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، وورده وورده دەزگا خزمەتگوزاریەکانی دەوڵەت دەگۆڕێن بەدەزگا خزمەت گوزاریەکانی کەرتی تایبەت، وەکو ئێستا لەڕەوشی کوردا بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت. کەواتە سەرەتا بەدبلۆماسیانە پێش بەئاینەکە دەگیرێت، جائەگەر ڕووبەڕووبونەوە هەبوو بەناوی ئیرهابەوە هێزەکانیان دەهێننە مەیدانەکەوە. ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوەش نەبوو، ئەوا لەم قۆناغەی ئێستادا دەبێت بەرژەوەندیە تایبەتیەکان لەبەرچاو بگیرێن و بەرژەوەندیە گشتیەکان پشتگوێ بخرێن، کەواتە لەهەموو بوارەکاندا ڕێگە بەدەسەڵاتی جێبەجێکەری یاساکانی ئاین دەگیرێت، کەواتە دەبێت چارەسەریەك دابندرێت بۆمانەوەی ئاین و نەتەوە،بۆیە هەوڵی ئەوەدەدرێت کەلەبەریك لەنێوان یاساکان و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دروست بکرێت، لەژێر ناوی(فصل الدين عن الدولە) جیاکردنەوەی ئاین لەدەسەڵاتی دەوڵەت، کە ئەمەیان زەنگێکی زۆر خەتەرناکەو لەهەموو بوارەکاندا دەوڵەتەکە دادەماڵدرێت لەئاین، هیچ ڕەنگدانەوەیەکی ئاینی بەدەوڵەتەکەوە ناهێڵێ، بۆیە لەناو کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا ئەگەر نەشتواندرێت یاساکانی ئیسلام جێبەجێ بکرێن وەها گونجاوترە کە بگووترێت(فصل الدولە عن الدين) جیاکردنەوەی دەوڵەت لەئاین، کەهەرنەبێت پەیوەندیەك دەهێڵێتەوە بۆئەوەی بەپێی یاسا دەوڵەت کەڵك لەئاین وەرگرێت، بەپێی یاسا مزگەوتەکان لەژێر سێبەری دەوڵەتدا دەبن و ئومێدی ئەوەش دەبێت کەماددەی حەوتی دەستوری هەرێم جێبەجێ بکرێت. جا لەکاتێکدا کەکۆمەڵگاکە کۆمەڵگایەکی ئیسلامیەوە ئەرکێکی سەرشانی یەکەیەکەی تاکەکانی کۆمەڵە کە لەکاروبارو مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەکاندا لەژیانی ڕۆژانەیاندا پابەندیەکی تەواویان هەبێت بەبڕگە یاسایەکانی ئاینەکەیانەوە لەناو خێزان و کەس و کارەکەیاندا کە ئەمەشیان بێ هێزترینی توانای باوەڕەکانە.

# پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتی لە تەمەنی هەرزەکاریدا

**لەئینگلیزییەوە:**
**محمد ڕە سوڵ سەنگەسەری**

((ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتی لە تەمەنی هەرزەکاریدا لە چەند وولاتێکی جیاجیای جیهان - وەرگێڕ))

پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتی لە تەمەنی هەرزەکاریدا، یان پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتی لە تەمەنی منداڵیدا، بریتییە لە شوکردن یان ژن هێنان لە لایەن کەسێکی گەنج (بە تایبە تی کچ) پێش تەمەنی بالغ بوون، کە ئەمەش لە ڕێکەوتنامەی ١٩٨٩ی مافەکانی منداڵدا پێناسە کراوە. زۆربەی مێینەکان کە شوودەکەن نەك تەنها بەگوێرەی یاسا منداڵن بەڵکو شوو بەو پیاوانە دەکەن کە تەمەنیان گەورەترە. (کوڕان بەشێوەیەکی گشتی هاوسەرگیری ناکەن پێش تەمەنی بالغ بوون). زۆرینەی ئەو کچانەی لە تەمەنی هەرزەکاریدا شوودەکەن، هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیان بە ئارەزووی خۆیان نییە، بەڵکو بە ئیختیاری دایك و باوکیانە. زۆربەیان لە دواساتدا دەربارەی شووکردنەکەیان پێیان ڕادەگەیەندرێ، هەندێکیشیان تاکو ڕۆژی گواستنەوەیان پێیان ناگوترێ. دایکانو باوکان ئیختیاری ئەوە دەکەن کە کچەکانیان لە تەمەنی هەرزەکاریدا شوو بکەن لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، وەکو: خێزانە هەژارەکان لەوانەیە پێیان وابێ کە شوو کردنی کچی گەنج قورساییەکی ئابوری هەبێتو پێویست بێت بۆ ڕزگارکردنی خێزانەکە. ئەوان لەوانەیە پێیان وابێت کە شووکردنی کچەکە لە تەمەنی هەرزەکاریدا، کچەکە بپارێزێ لە مەترسی پەلاماری سێکسی، بە شێوەیەکی گشتیتر کچەکە پاسەوانێکی نێری بۆ پەیدا دەبێت. هەروەها شوو کردنی کچان لە تەمەنی گەنجیدا مانای پارێزگاری کردنی کچانە بۆ ئەوەی بە دووربن لە سك پڕبوون بەر لە شوو کردن. هەروەها جیاوازی کردن لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا کاریگەری هەیە لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتی لە تەمەنی هەرزەکاریدا. کچان لە تەمەنی گەنجیدا بە شوو دەدرێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گوێرایەڵنو بواری منداڵ بونیشیان زیاتر دەبێت.

**چەند دەرئەنجامێکی ئەم لێکۆڵنەوەیە**

- لە ١١ وولات، (٥٠٪)ی کچان پێش ئەوەی تەمەنیان ببێت بە ١٨ ساڵ شوویان کردووە. ئەو وولاتانەی کە ڕێژەی شووکردنی منداڵانیان تێدا بەرزە ئەمانەن:

١- نایجیریا ٧٦،٦٪
٢- چاد ٧١،٥٪
٣- بانگلادیش ٦٨،٧٪
٤- مالی ٦٥،٤٪
٥- گانا ٦٤،٥٪
٦- کۆماری ناوەندی ئەفریقا ٥٧٪
٧- نیپاڵ ٥٦،١٪
٨- مۆزەمبیق ٥٥،٩٪
٩- ئۆگەندا ٥٤،١٪
١٠- بورکینا فاسۆ ٥١،٩٪
١١- هیندستان ٥٠٪

- لە ١٠ ساڵی داهاتوودا ١٠٠ ملیۆن کچ پێش تەمەنی ١٨ ساڵی شوو دەکەن.
- ٥١ ملیۆن کچ لە جیهاندا لە تەمەنی ١٥ - ١٩ شوویان کردووە.
- لە نیپاڵ تێکڕای تەمەنی شووکردن لە ١٩ ساڵیدایە، لە سەدا ٧ی کچان پێش تەمەنی ١٠ ساڵی شوو دەکەن، لە سەدا ٤٠ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا شوو دەکەن.
- لە بانگلادیش ئەگەر خێزانی کچەکە هەژاربن یان کچەکە دایكو باوکی نەمابێت، لەوانەیە کچەکە شوو بە کەسێك بکات وەك ژنی سێیەم یان چوارەمی ئەو کەسە، کە زۆر لە خۆشی بە تەمەنترە - ئەمەش بە زۆری بەکار دەهێنرێ بۆ سێکسو جێبەجێکردنی ئیشو کاری ناوماڵ.
- لە ئەمریکای لاتینو کاریبیا، لە سەدا ٢٠ بۆ ٤٠ ی کچان پێش تەمەنی ١٨ ساڵی شوو دەکەن.

**ئەو وولاتانەی کە کاریگەریان تێکراوە**

- پراکتیزەکردنی شوو کردنی کچان لە تەمەنی گەنجیدا زیاتر باوە لە نیمچە بیابانی ئەفریقاو باشوری ئاسیا. هەرچەندە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقاو بەشەکانی دیکەی ئاسیا، پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتی زۆر باوە لە نێو چەند خەڵکانێکدا بە ماوەیەکی کەم دوای باڵغ بوون. هەروەها لە چەند بەشێکی دی وەکو باکورو باشوری ئەفریقاو باشوری ئاسیا، شوو کردن زۆر پێش قۆناغی باڵغ بوونەو شتێکی نا ئاسایی نیە.
- لە ٣٣١ ملیۆن کچ کە تەمەنیای ١٠ -١٩ ساڵانە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم (جگە لە چین)، ١٦٣ ملیۆنیان پێش تەمەنی ٢٠ ساڵی شوو دەکەن.
- لە حاڵەتی بە شوودانی خوار تەمەن ١٠ ساڵان ڕازیبونی منداڵەکە حسابی بۆ ناکرێت. هەرچەندە لە تەمەنی نزیکەی ١٠ - ١٤ ساڵان ناتوانین بڵێین ڕازیبونەکە قبوڵ دەکرێت کاتێك لەم قۆناغە زووەی منداڵدا ناتوانین چاوەڕێی ئەوە بکەین کە منداڵەکە تێبگات لە ئاڵۆزییەکانی قبوڵکردنی ژیانی هاوسەرییەتی.
- لە بارەی دەسەڵاتی کچان بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر، گەنجترینیان کەمترین ئیختیاری هەیە. بۆ نمونە لە میسر لە ناو کچانی هەرزەکاری تەمەن ١٤ - ١٥ تەنها لە سەدا ١٤ یان بە ئارەزووی خۆیان هاوسەرەکانیان هەڵبژاردووە، لە کاتێکدا لە ناو ئەوانەی تەمەنیان ١٨ - ١٩ ساڵانە لە سەدا ٢٦ یان بە ئارەزووی خۆیان هاوسەرەکانیان هەڵبژاردووە.
- لێکۆڵینەوەکان لە ١٦ وڵاتی نیمچە بیابانی ئەفریقا پیشان دەدەن کە هاوسەری ئەو کچانەی کە تەمەنیان ١٥ - ١٩ ساڵانە بە تێکڕا لانی کەم ١٠ ساڵ لە خێزانەکانیان بە تەمەنترن.
- لە میسر، کە تێکڕای جیاوازی تەمەنی هاوسەرەکان لە بەرزترین ڕادە دایە، لە ٦٥٪ ی ئەو کچانەی بە هەرزەکاری شوو دەکەن، تەمەنی هاوسەرەکانیان زیاتر لە پێنج ساڵ زیاترە لە تەمەنی خۆیان بە لانی کەم، نزیکەی ٢٥٪ پیاوانی خێزاندار ١٠ ساڵ یان زیاتر لە هاوسەرەکانیان بە تەمەنترن.

**کاریگەریەکانی لە سەر تەندروستیو ئابوری - کۆمەڵایەتی**

پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتی لە تەمەنی هەرزەکاریدا، زیانو دەرئەنجامی خەراپی

هەیە وەکو:

- پێشگیریکردن لە خوێندن: کچان کاتێ شوو دەکەن ئارەزووویان لە خوێندن نامێنێ. کە ئەمەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی خوێندنو سنورداركردنی دەرفەتەکانی ژیانیان لە داهاتودا.
- دەست هەڵگرتن لە خوێندن لەوانەیە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەکادیمی لاوازەوە بێت(یان هەر هۆکارێکی دیکە) ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ کچان کە شوو بکەن یان منداڵیان ببێت، ئەم سکپڕبوونە یان منداڵ بوونە، ئیلتیزاماتی کچان بۆ خوێندن کەم دەکاتەوە.
- لێکۆڵینەوەکان لە سەرتاسەری جیهاندا پیشانی دەدەن کە پەیوەندیەکی پتەوی بەردەوامی بەر فراوان هەیە لە نێوان ئاستی خوێندەواری کچانو تەمەنی شووکردنیان. زانیارییەکانی (دی ئێچ ئێس) نیشانی دەدەن کە تێکڕای بەرزی تەمەنی شووکردن پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە بەرزی ڕێژەی کچان لە قوتابخانە. بە پێچەوانەوە، بەردەوام بونی کچان لە سەر خوێندن لەوانەیە باشترین ڕێگابێ بۆ ئەوەی شووکردنیان دوابخەن.
- کێشە تەندروستییەکان: کچان وەسفی هاوسەرەکانیان دەکەن وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ زانیاری دەربارەی تەندروستی وەبەرهێنانی منداڵ، خەسووەکانیان وەکو سەرچاوەی دووەم. کچان شەرمنی دەنوێنن، تێڕوانینی خۆیان هەیە، ناتوانن هۆیەکت پێبڵێن کە بۆچی سەردانی دیدەنگەی پزیشکی ناکەن لەکاتی پێویستدا.
- کێشە تەندروستیەکان وەکو سك پڕبونی ناوەخت واتە لە تەمەنی ناکامڵیدا، دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی مردنی کۆرپەلەو دایکان. کچانی هەرزەکار جەستەیان لاوازە بەرامبەر نەخۆشییە سێکسییەکان وەکو (ئێچ ئای ڤی/ ئایدز). ئەمەش لەبەر ئەوەی هەرزەکارنو شوو بە پیاوی زۆر بەتەمەنتر دەکەن، ئەم پیاوانە شارەزای سێکسی زۆریان هەیەو نا هاوسەنگییەك دروست دەبێت، هەروەها ئەمە مانای ئەوەیە کچە هەرزەکارە شوکردووەکان ناتوانن قسە دەربارەی بەکارهێنانی کۆندۆم بکەن لەگەڵ هاوسەرەکانیان (کۆندۆم لاستیکێکە بۆ پێشگیری کردن لە منداڵ بوون بەکاردێت لە کاتی سێکسدا) یان نارەزایی دەربڕن کاتێ هاوسەرەکانیان پەیوەندی سێکسیان هەیە لەگەڵ ئافرەتی دیکەدا.
- پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان تەمەنی دایكو مردن یان تووش بوون بە نەخۆشی لەکاتی سك پڕیو منداڵبوون. بۆ نمونە ئەو کچانەی تەمەنیان ١٠ بۆ ١٤ ئەگەری مردنیان ٥ جار زیاترە لەکاتی سك پڕیو منداڵبوندا لەو ژنانەی تەمەنیان ٢٠ بۆ ٢٤ ساڵە. لە کاتێکدا ئەو کچانەی تەمەنیان ١٥ بۆ ١٩ ساڵە ئەگەری مردنیان ٢ ئەوەندەیە، زۆربەی ئەو مردنانەی ڕوودەدەن لەکاتی شووکردندا. لە نێجیریاو کامیرۆنو ئەسیوبیا مردنی هەرزەکارانی خوار تەمەن ١٦ ساڵ لە کاتی سکپڕیو منداڵبووندا ٦ ئەوەندەی ژنانی تەمەن ٢٠ بۆ ٢٤ ساڵە.
- بەکارهێنانی نادروستانە: ئەمە زۆر باوە لە بە شوودانی منداڵاندا، سەرەڕای ئەمەش ئەو منداڵانەی کە نایانەوێ شووبکەن یان دەیانەوێ شوو بەکەسێك بکەن بە پێچەوانەی حەزی دایكو باوکیان، ئەوا ئازار دەدرێن یان دەکوژرێن لە لایەن خێزانەکانیانەوە بەناوی کوشتن لەسەر شەرەف.
- نزیکەی ١٥ ملیۆن کچی هەرزەکار تەمەنیان ١٥ بۆ ١٩ ساڵان، کە ساڵانە منداڵیان دەبێت ئەمەش دەکاتە زیاتر ١٠٪ی منداڵبوون لە جیهاندا.



سەرچاوە

www.americansforunfpa.org

## کەسایەتییەکانی دەڤەری ڕاپەڕین

# نوسەرو مێژوونوس مەحمود قادر (١٩٣٤-٢٠٠٣)

کامەران عەبدە ساڵح

هەر لە سەرەتاوە ویستومە لەڕێی گۆشەی (کەسایەتییەکانی دەڤەری ڕاپەڕین)ـەوە ئەو کەسایەتیو پیاوە ناودارانەی دەڤەری ڕاپەڕین بەسەربکەمەوە کە لە ژیاندا نەماونو ڕۆژێك لە ڕۆژان خزمەتیان بە نەتەوەکەیان کردووە، جا ئەو خزمەتە لە بواری ڕۆشنبیری یان سیاسی یان ئابووری یان کۆمەلایەتی یان هەر بوارێکی دیکە کە لە پێناو گۆڕینی ژیانی کۆمەڵگەدا بێت بەرەو ژیانێکی شایستەترو بۆیان بووبێتە پێناسەیەك بۆ بەرزمانەوەی ناوونیشانیان. لە ڕاستیدا زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ کە بتوانێت بەرژەوەندی دەوروبەرو گەلو نیشتیمانەکەی بخاتە سەرووی هەر بەرژەوەندییەکی دیکەوە، حەزوخولیاو ئاواتەکانی لەوەدا ببینێتەوە کە ڕۆژێك لەڕۆژان گوزەرانی میللەتەکەی بەرەو ئاقارێکی باشتر بەرێتو، ئاسوودەیی ناخو دەروونی لە بزەو خەندەی سەر لێوی منداڵانی هەژارو ڕەشو ڕووتدا بدۆزێتەوە. گەورەییە بۆ هەر مرۆڤێك کە کۆڵنەدان بکاتە دروشمو پێشڕەوی ژیانیو، گەشبینیو هیوا چرای ڕووناککەرەوەی ڕێگەی تاریکی ژیانی بێت. کەم نین ئەو مرۆڤە مەزنانەی کە لە بێشکەی ئەم دەڤەرە پڕ لە سەروەرییەدا چاویان هەڵێناوەو بە وانەی پێشکەوتنو نوێخوازی گۆش کراونو ڕۆژێك لە ڕۆژان بیریان لە ملکەچکردن بۆ سانسۆرە جیاجیاکانی داگیرکەران نەکردۆتەوە. ئەو کەسایەتیەی ئەمجارەو لەم گۆشەیەدا دەچینە خزمەتیو بۆ چەند ساتێك لەتەکیا دەدوێین نوسەرو مێژوونوسی ناوداری دەڤەری بیتوێن (مەحمود قادر فەرەج)ـە، ناوبراو ساڵی ١٩٣٤ لەڕانیە لەدایکبووە،خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە ڕانیە تەواو کردووە.لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی حیزبی شیوعی عێراقییەوە کردووەو، یەکەم شانەی ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە لە دەڤەری بیتوێن – پشدەر لەسەر دەستی ئەو دامەزراوە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٠ – ١٩٦٣ سەرپەرشتی دەیان خۆپیشاندانو ڕاپەڕینی خەڵکی ڕانیەو قەڵادزێ کردووە، بەو هۆیەشەوە چەندینجار لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی داگیرکەرەوە دووچاری گرتنو ئازاردانو زیندانیکردن بۆتەوە، لەو ڕووەوە: ساڵی ١٩٥٨ بەهۆی ڕێکخستنی ئاهەنگی یەکی ئایار جەژنی کرێکارانی جیهان لە (کونەسە) دەستگیرکراوەو، ڕەوانەی زیندانی بەغدا کراوە، دواتریش نێردراوەتە بەعقوبەوماوەی چوار ساڵ زیندانی کراوە،لە کۆتایی پەنجاکاندا وەك فەرمانبەرێك لە شارەوانی ڕانیە دامەزراوە. ژیانی هاوسەری پێکهێناوە ئەویش دوای شەش ساڵ لە خۆشەویستی نێوانیان.



ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ پێنجسەد ئەندامی دیکەی حیزبی شیوعی دا بڕیاریاندا ڕیزەکانی ئەو حیزبە جێبهێڵنو پەیوەندییان بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. لە ساڵانی پەنجاکاندا دەستی داوەتە نووسینو تا دوایین ساتەکانی ژیانیشی لە پەراوو پێنووس دوور نەکەوتۆتەوە. لە سەرەتادا لە ڕۆژنامەی (الطریق الشعب) ئۆرگانی حیزبی شیوعی عێراق، ڕاپۆرتو لێکۆڵینەوەی سیاسی نووسیوە بە نازناوی(وێل) بلاوی کردوونەتەوە، پاشان دەستی داوەتە شیعر نووسینو ئینجا نووسینی ڕۆمان، پاشانیش لە هەوڵی کۆکردنەوەی مێژووی دوورو نزیکی شاری ڕانیەدا بووە بە شێوەیەکی زانستییانە بۆ ئەوەی لە دوو توێی کتێبێکدا پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکات. لەماوەی ژیانیدا جگە لە دیوانێکی شیعری کە نزیکەی (٧٠٠) پارچە شیعری لە خۆگرتووە، پێنج ڕۆمانیشی نووسیوە بەناوەکانی(ئاوات وتاوان)، (تاوان وهیوا)، (کێ تاوانبارە)،(ژیلەمۆی ئاگر)،(لە پێناوی سەربەستیدا)، هەروەها کتێبی(مێژووی ڕانیە)کە بەرهەمێکی ئەکادیمیو لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە دەربارەی ڕابردووی ڕامیاریو ئابووریو کۆمەلایەتی قەزای ڕانیە یەکێکە لە کتێبە دانسقەو بەنرخەکانی خوالێخۆشبوو. ڕۆژی ١٦/١٠/٢٠٠٣ بە هۆی نەخۆشی دڵ لە نەخۆشخانەی سلێمانی کۆچی دوایی کرد و، لە گردی شەهیدانی سلێمانی بە خاك سپێردرا، یەکێك لە ئاواتە مەزنەکانی کە تەواوکردنی کتێبە بەنرخەکەی(مێژووی ڕانیە) بوو نەهاتە دیو ئەو خەونە جوانەی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵەوە، لە کاتێکدا گەورەترین هەنگاوی نا لە بواری کۆکردنەوەی مێژووی شارەکەیدا، کە هیوادارین ئەو چەندین بەشەی کە لەو کتێبە نووسیویەتیو دەیان بەڵگە و زانیاری گرنگی لەسەر ئەم شارە لە خۆیدا کۆکردۆتەوە لە ماوەیەکی نزیکدا چاپ بکرێتو لە فەوتان ڕزگار بکرێت.

# زەردە گەرمایەکی هاوینی و میوانێکی پایزی

عومەر حسێن

گۆڕانی لە هێکرای کەش و هەوای شار، تەواوی خەڵکی سەراسیماکرد. ئیدی وەك ئەوەی بومەلەرزەیەکی ناوەخت شار ڕاچڵەکێنێ و دڵەڕاوکەیەك دەروونی خەڵکەکەی تەنی و هەموو ئەبڵەق بوبوون.. دەیان پرسیاری جودا جودا بە خەیاڵی خەڵکەکەدا دەهات.. هەموو خەڵکەکە کەوتنە مقۆمقۆو فسکە فسك و پرسیارکردن لە یەکتری.. هەمویان لە ئاستی ئەو گۆڕانە ناوەختەی کەش و هەوا تەواو حەپەسابوون، هەرگیز دیاردەی وایان نەبینیبوو نەبیستبوو..ئاخر بەراستی گۆڕانی حاڵەتی ئاسایی وەرزێك لەناوەختا شتێکی ئاساییە، بەڵام هیچیان ڕاستی پەنهانی ئەو موعجیزەیەیان نەدەزانی و شیمانەو مەزندەی دەیان شتی سەیرو سەمەرەیان دەکردو ڕاستی هۆکاری ئەو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەیان نەدەزانی. ئاخر بەراستی گۆڕانی وەرزێك لە سەرەتای هاتنیدا بۆ وەرزێکی تر شتێکی چاوەڕواننەکراوو نا ئاساییەو وەك موعجیزەیەك وایە .. وەرزێك بەهەموو بۆن و بەرامەی خۆیەوە دەگۆڕێت بۆ وەرزێکی تر، مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکات .. چونکەی وادەی هاتنی وەرزەکان دیارو ئاشکرایە. ڕۆژانی بەرایی هاوینێکی ئاسایی بوو کەش و هەوا لە حاڵەتی هاوینەی خۆیدا بوو.. خۆر قرچە قرچی داگیرسانی دەهات و تیشکی ئاڵتوونی خۆی بەسەر تەواوی ڕووبەری شاردا پەخش دەکردو تەواوی شەتەکانی داخ دەکرد، گەرماییەکی ئاسایی هەوای شاری تەنی بوو.. وەك ئەوەی هاوین بیەوێت.. دەسەڵاتی ڕەهای خۆی نمایش بکات و حەقیقەتی بۆو بەرامەی هاوینانەی پیشانی خەڵك بدات.. کەچی لە هێکرا هەر لەگەڵ تەواوبوونی بانگی عەسردا.. گۆڕانێکی ناوەخت و چاوەڕوان نەکراو بەسەر دۆخی کەش و هەوای شارداهات.. بایەك هەڵیکرد، کەس نەیدەزانی لە کوێڕادێت، نەبای باکور بوو نەبای باشور.. بۆو بەرامەی هاوینی ڕامالی و بۆو بەرامەی پایزی لەگەڵ خۆیدا هێنا.. دەیان پەڵە هەوری سپی لە هێکرا ئاسمانی شاریان تەنی و وەك ڕانەمەڕ لەهەموو کون و قوژبنێکی ئاسمانەوە هاتن و لەناوەڕاستی ئاسماندا ڕبوونەوەو بەسەریەکدا مۆڵبوون. تۆزو غوبارێك هەوای شاری تەنی.. تۆزو خۆڵێك سەروسیمای تەواوی شاری گرت.. لەسەرو پرچو ئەگریجەی کچانی شۆخ و شەنگ نیشتەوە.. کاکۆڵی کورانی گرت.. بەناو کوچەو کۆڵانەکاندا گەڵای وەریوی درەختەکان لەگەڵ عەلاگە کۆن و پارچە کاغەزی جۆراوجۆر تێکئاڵابوون و بەدەم لەرەو شەپۆلی باوە دەهاتن و دەچوون.. ئیدی پایز بەهەموو بۆو بەرامەو سیماو ڕوخساری خۆیەوە خۆی بەناو شاردا کردبوو بە میوانێکی ناوەخت و چاوەڕواننەکراو .. هاتنی لەناوەختی پایز تەواوی خەڵکی سەراسیما کردبوو، ترس و بیمی لەناو دڵ و دەروونی هەندێ خەڵك درووستکردبوو، ئیتر هەر یەکەو شیمانەو مەزندەی شتێکی دەکردو بە شێوەیەك ڕەملی لێ دەدا.. هەندێ دەیانگووت ئەوە غەزەبێکی خوداییە .. بەڵایەکەو بەرۆکی شاری گرتووە خوابەخێری بگێڕێ.. ئەو خەڵکە بەتەواوی پشتیان لەدین کردووە.. یەکێکی دی دەیگوت.. ئەم شارە پڕبووە لە خراپەکاری.. چۆنە خودا ژێرەوژوری ناکات.. یەکێکی تر دەیگوت.. خراپە بە خراپەیەوە نییە، ئەمڕۆ بە قرچەی گەرمایە ژن و پیاوێکی نامەحرەمیان لە غابات بەیەکەوە دیوە.. خوایێم نەگرێت دەڵێن، خەریکی شتی خراپ بوون. یەکێکی دی دەیگوت .. تەواوی ئەم شارە بووە بە مەیخانە.. خەڵکی هەموو دەستیان داوەتە ئارەق خواردنەوە.. ژن و پیاو لەو غاباتەی پێکەوە دادەنیشن و دەخۆنەوە .. ئەوەتا سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی ئەو شارەشیان کردۆتە قە......خانەو مەیخانە، وەڵڵە پیاو دەستنوێژیشی بەو ئاوە درووست نییە.. ئەی چۆن .. یەکێکی دنیادیدە هەڵیدایەوە گوتی: ئەوە حاڵەتە شتێکی ئاسایی نییە.. یان پیاوێکی گەورە ڕووی لەو شارەکردووە یان ئەو شارەی بەجێ هێشتووە.. یا وەفاتی کردووە.. گوتم تۆ ڕاست دەکەی.. ئەمڕۆ شاعیرێکی گەورە ڕووی لەو شارە کردووە. یەکێکی تر گوتی.. شاعیری چی.. تەڕەماشی چی .. سەد جاریش شاعیرو ماعیر سەردانی ئەم شارەیان کردووە شتی واش ڕووی نەداوە .. گوتم کاکە ئەم شاعیرە جیاوازە .. ئەمە کوڕی پایزەو لە دامێنی پای کەوتۆتەوە.. ڕووبکاتە هەرشوێنێ پایز بەهەموو بۆو بەرامەیەوە لەخۆیدا دەباتە ئەو شوێنە.. ئەو بە جەنەڕاڵی پایز ناسراوە.. لەهەر ئان و ساتێك بیەوێت دەتوانێت پایز بخولقێنێت.. وەك موعجیزەی پێغەمبەران وایە.. دەتوانێت چوار وەرزی ساڵ بکاتە پایز...



